


# هاوڕێ

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر هیوا عمر احمد



گەورەترین گەنجی ژیان هاوڕێیە ، خۆمان هەڵیان ئەبژێرین و لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا ،پێکەوەین. لەوانەیە هاوڕێ هاوخوێندنێك،هاوكارێك،باوان، خوشك وبرا یان هاوسەر بێت.

لای زۆر کەس هاوڕێ گرتن ئاسانە ، بەڵام پاراستنی هاوڕێتی یەکجار گرانە. ڕۆژی هاوڕێ هەلێکە تا ئەو کار ولایەنانە بێنینەوە پێش چاو کە هاوڕێکانمان لە ژیاندا بۆیان کردووین. تێیان بگەیەنین کە هاوڕێتییەکە چەند بەنرخ و لەبەردڵمانە.

هاوڕێی باش بۆ خۆی و بۆ هاوڕێکەی باشە.تا بتوانیت هاوڕێت هەبێت و ببیتە هاوڕێ. ئەبێت هاوڕێی گیانی بە گیانی خۆت بیت. هەوڵ بدە لە ڕۆژی هاوڕێدا بۆنەیەکی تایبەت دروست بکەیت، پێکەوە کارێکی بەسوود بۆ کۆمەڵ بکەن.



عەرەسۆ

( بەپەلە ئەتوانیت حەز بکەیت ببیتە هاوڕێی کەسێك. بەڵام هاورێتی میوەیەکە بەکاوەخۆ پێ ئەگات)

( هاورێ چی‌یە؟ ؛ گیانێکە لە دوو جەستەدا )

<u>پیترۆ ئارێتینۆ – 1537- ئەڵێت؛</u>

ئهمساڵ 6ی گـهلاوێژ رۆژی
هاوڕێیه.كه ساڵی جارێكه و
ئهكهوێته یهكهم یهكشهممهی
مانگی گـهلاوێژ
ئهوه بوو له ساڵی 1935 دا
ئهنجومهنی پیرانی ئهمهریكا

ووتە بەنرخەکان

سەبارەت بە هاورێ و هاورێتی

<u>جۆزیف ئەدیسن- ئەڵێت؛</u>

(کەم کەس ئەزانن کە مەزنترین شیرینی ژیانی مرۆڤ هاورێی‌تیە)

<u>عەرەسۆ- 4 سەدە پ. ز - ئەڵێت؛</u>

( چاوچنۆكێك چۆن لە گەنجینەكەی ئەڕوانێت، من وا لە هاوڕێكانم ئەڕوانم )

### هیلایر بیللۆك ئەڵێت؛

( هیچ شتێك ئەوە ناهێنێت كە هەوڵ بدەیت دەستت بكەوێت، خەندە و خۆشەویستی هاوڕێكانت نەبێت )

### لۆرد بایرۆن– 1806- ئەڵێت؛

( هاوڕێتی، خۆشەویستییە بەبێ باڵەكانی )

### سیسیرۆ - 44 پ.ز. – ئەڵێت؛

( هاوڕێتی خۆشییەكان زۆر و ناخۆشییەكان كەم ئەكاتەوە، بەوەی خۆشی دوو جارە و ناخۆشییەكان دابەش ئەكات )

### چارڵس كەلەب كۆڵتن- 1825- ئەڵێت؛

( هاوڕیێ ڕاستەقینە وەك تەندروستی وایە، نرخی نازانرێت تا لە دەستی نەدەین )

### فرانسیس ماریۆن كراوفۆرد ئەڵێت؛

(هاوڕێی بێ هاوتا نییە ، چونكە كەسمان ناتوانین هەموو ئەو خاسڵەتانە كۆ بكەینەوە كە ئەبێت لە هاوڕێدا هەبێت)

### جۆرج ئەلیەت ئەڵێت؛

( هاوڕێتی ، ئەو ئاسوودەیی‌یەیە كە لەگەڵ هاوڕێكەتدا پێویست ناكات ووشەكانت بپێویت یان بیرەكانت ببژێریت )

### ئەپیكۆرەس -3 سەدە پ.ز. –ئەڵێت؛

( هێندەی پێویستمان بەو هەستەیە كە هاوڕێكانمان لە كاتی پێویستدا یارمەتیمان ئەدەن، هێندە پێویستمان بە یارمەتیان نی‌یە )

### ئوریپیدەس- 408 پ.ز. – ئەڵێت؛

( خۆشەویستی هاوڕێ لە تەنگەژەکاندا دەر ئەکەوێت )

( هاوڕێیەکی دڵسۆز دە هەزار خزم دێنێت)

<u>سەلەمۆن ئبن گابریل ئەڵێت؛</u>

( هاوڕێ ئەو کەسەیە کە هەڵەکانم بە نهێنی پێ ئەڵێت )

<u>جبران ئەلێت؛</u>

( کە هاوڕێیەتی بۆ بەرژەوەندی نەبوو، قووڵ و بە رەگوریشە ئەبێت )

<u>جۆرج هێربەرت ئەلێت؛</u>

( باشترین ئاوێنەی مرۆڤ هاوڕێیەکی دێرینە )

<u>هۆمیرۆس – سەدەی نۆیەمی پێش زاین- ئەلێت؛</u>

( هاوڕێیەکی بەبەزەیی ، برایەکە )

<u>ئەلبەرت هوبارد ئەلێت؛</u>

( هاوڕێ ، ئەو کەسەیە کە هەموو شتێکت لەبارەوە ئەزانێت هێشتا خۆشی ئەوێیت )

<u>بەرنارد مێلتزەر ئەلێت؛</u>

( هاوڕێی راستەقینە ، ئەو کەسەیە کە وەك هێلکەیەك ئەتبینێت ، گەرچی درزیشت تیابێت ، هەر بە هێلکەیەکی باشت ئەزانێت )

<u>مێنسیەس ئەلێت؛</u>

( هاوڕێی راستەقینە ، ئەو کەسەیە کە لە کاتێکدا دێت بە هاناتەوە کە هەموو خەڵکی پشتت لێ ئەکات)



<u>پەندێکی نەیجیری ئەلێت؛</u>

( هاوڕێی راستەقینە بە هەردوو دەست بگرە )

<u>ئیلیانۆر رۆسەڤێلت ئەلێت؛</u>

( پێش ئەوەی ببیتە هاوڕێی کەسێك، ببە بە هاوڕێی خۆت )



ئیلیانۆر رۆسەڤێڵت

<u>رۆبێرت لویس ستیڤێنسن ئەلێت؛</u>

( هەر مرۆڤێك كە هاوڕیێ هەبوو بێکەڵك نیيە )

( هاوڕێ دیارییەکە ئەیدەیت بە خۆت )

مارك توين ئەلێت؛



( خەمەكان خەمی خۆیان ئەخۆن ، بەڵام ئەبێت
یەكێك لە خۆشییەكاندا لەگەڵمان بێت

باشترین هاوڕێ

س جیل وۆڵف

هاوڕێی باش
لەهەوڵەبچوكەكانت
ئەگات
و دەستت ئەگرێت

هاوڕێی باش
چونكە لای گرنگە
هەرگیز
لە خەونە نهێنیەكانت
بەشدارە

هاوڕێی باش
لە زێڕ بە نرخترە
چونكە ئەوەندە
خۆشەویستیت
ئەداتێ
كە دڵێك بیگرێت